www.kurdistannet.org
26-2-2007 18:15 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## بژی. . . پیاو ... محەمەد فەخرەدین جەباری



کاتێك ژیان دەتوانی، رەوتی بەرەو ئاقارێکی دروست هەنگاوبنی، کە هەموو رەگەزەکانی زیندووی گوێی زەوی، ماف و ئەرکەکانی یەکتر بپارێزن و رێز لەئارەزوو ویستەکانی تاگ بگیری. راستە. . . مرۆڤایەتی پێکهاتەی دوو رەگەزی لێك جیای خودان شیماو بۆچوون و شکل و شێوازی تایبەتی خۆیەتی، کە ئەویش خۆی لەهەردوو رەگەزی (نێرو می) دەبینێتەوە، بێگومان بەدرێژایی دیرۆکی مرۆڤایەتی بەلانسی رەگەزی ئەو دووانە لەگەردووندا راگیراوە، مەگەر بەهۆی شەڕوشۆڕی مرۆڤەکان خۆیانەوە ئەم تەرازووە هەندی جار لاسەنگ بووبێتەوە، لەسەردەمێکدا رێژەی ئافرەت زێتربووەو لەسەردەمێکیشدا پیاو. بێگومان ئەمە ئەسڵی مەبەست نییە لەبابەتەکە، بەڵکو لێرەدا پرسیار ئەوەیە بۆ مرۆڤایەتی خودی خۆی تا ئێستا نەیتوانیوە، بەهاوچەشنی بەڵانسی رەگەزی، ئەویش یەکسانی بکات لەدابین کردن و دەستەبەرکردنی حەزو هیواو ئامانجەکانی هەردوولا. . !؟
ئەی لەپای چی هەموو شتێك لەپێناو رازیکردنی دڵی پیاودا دەکری و ئافرەتیش چش؟! من وەکو (پیاوێك ئەمە بەبی ویژانی و نادادپەروەری و تورهەڵدانی بەها بەرزە ئایینی و مرۆڤایەتییەکان، دەزانم و هەرواش دەبینم، کە غەدرێکی زۆر لەو رەگەزە جوانەی کۆمەڵگە دەکری، کە ستەم و زۆریش ستەمە، ئاوا مامەڵە دەرهەق بەو ئازیزانەمان بکری. . . !! ئاخرلەبەرچی. . !؟
ئەگەر ئەوئازیزانە واتا (ئافرەت) نەبی، ژیان چ تام و چێژێکی هەیە. ؟! ئی باشە بوونی ئێمەی پیاوانیش ئەو کاتەچ مانایەکی دەمێنی. ؟! ئەی کە وایە مامەڵە لەگەڵ ئافرەت و حەزو خواستەکانی دەکەین، ئەمەش لەکاتێکدایە کە تێرکردن و دەستەبەرکردنی حەزو ویستەکانی ئافرەتان، لەبەرژەوەندی ئێمەی پیاوان دەشکێتەوە، بەڵام هەشمان بەسەر، ئێمەی پیاوان بەخۆمان شەق لەبەختی خۆمان هەڵدەدەین، نازانین بۆ لەپێناو چیشدا وادەکەین. . !!؟ ئەگەر لەم هەساردەیەدا، کە ملیارەها مرۆڤی بەپیاوو ژنەوە لەخۆ گرتووە، لەوپەڕی ئەورووپای پێشکەوتوو تا ئەمپەڕی رۆژهەڵاتی دواکەوتوو، هەموو شتەکان (پیاو) بەڕێوەیان دەبات و هەر بەحەزو دڵی ئەوانیش دامودەزگاو دامەزراوە هونەری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان بەڕێوەدەبەن. سەرەنج بدە زۆربەی بڕیارە سیاسییەکانی دونیا بەدەست پیاوەوەیەو ئافرەتیش هەر لەخوارەوە تەماشاکارەو، یان یاریکەرێکی یەدەگەو کەم جار وا هەیە بەپێویستی بزانن، کە بەشداری لەبڕیارە حەساسەکاندا بکات. لەدەزگاکانی راگەیاندنی جیهاندا، کارمەندێکی زۆری ئافرەتیان هەیە، ئەمەش شتێکی ئیجابییە، بەڵام بۆ تەنیا دەزگاکانی راگەیاندن بەتایبەتی تەلەفزیۆن. . . ؟! چونکە لەو دەزگایانە، ئافرەت هەویرێکی هەڵاتووەو بەحەزو ئامانجی پیاو هەڵدەسووڕێنن، ئەگەر بۆ رازی کردنی دڵی پیاوبێت، چۆن لەئەوروپای پێشکەوتووە (کە گوایە لەوی ئافرەت وەکو پیاو سەیری دەکری. . . !) لەکەناڵە مشەفەڕەکانیاندا ئافرەت لەش و لاری خۆی نمایش دەکاو بەسووکترین شێوە خۆی دەکاتە پێخۆری چاوە برسییەکانی پیاو. . . !!؟
لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا تەنیا پیاو حەزی سێکسی و غەریزی هەیە بەرامبەر ئافرەت. . . ؟! ئەی ئافرەتیش بەرامبەر پیاو هەر ئەو هەستەی نییە!؟ ئەی باشە بۆچی حەزەکانی ئافرەتانیش هەر لەورێگەیەوە، تێرناکری (کە هەرچەندە ئەم بابەتە زۆر هەڵدەگری و تێبینیم لەسەر ئەو کەناڵانە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەیە)، ئەمە لەلایەك، لەولاشەوە لەڕووپەری ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و لەپۆستەرە هونەرییەکاندا، بەئیعازی پیاوو بە بەناوی (کاری هونەرییەوە)، جەستەو لەشی ئافرەت دەردەخەن و بەجۆرەها شێوازو تەکنیك پیاوی پی لەخشتە دەبەن، ئەمە لەحاڵێکدایە، کە زۆربەی جار لەو بەرهەمە هونەرییەدا، هێندە ئافرەتەکە هونەری ئیغرای لەش ولار بەکاردێنی، هێندە هونەر لەبابەتەکەیدا نانوێنی. . . !

ئەمە جگە لەو ڕێکلام CDیانەی، کە لەپاڵ ئامانجەکانی تریاندا، چاك یاری بە جەستەی پڕ سیحری ئافرەت دەکەن، وەك ئەوەی ئەو کەل و پەل و CD و بابەتانە، بەس بۆ پیاو بی و ئافرەتیش لەژیاندا هەر بینەر بی. . . !! ئەمانەو چەندین نموونە تر بابێنەوە ڕۆژهەڵاتی پاشکەوتوو (کۆمەڵگەی کوردەواری)، کە کەلتووری پیاوو پیاوسالاری و نێرینە، هەموو کوچەوقوژبنەکانی ژیانی کوردی داگیرکردووەو دەچیتە هەر دەزگاو شوێنێك بۆنی پیاوی لێدی و بەعەقڵیەتی پیاوەیش داڕێژراوە. !! تەنانەت ئافرەتێك بۆ خۆی چاکەو کاری مرۆڤدۆستی دەکا، یەکسەر پێی دەڵێن: (بەخوا ئافرەتێکی پیاوانەیە. . !!) یا ئەوەتا ئافرەتێك کارێکی بوێرانەو جەربەزەیی ئەنجام دەدات، ئەوە بی دوو دڵی هەڵی دەدەنی دەڵێن: (ئافرەتێکە دەڵێی پیاوە ئەوەندە ئازاو بەغیرەتە. !!) هتد. وەك ئەوەی بڵێی (ئازایەتی و چاکەو مرۆڤدۆستی) هەر لەشان و شەوکەتی پیاو بوەشێتەوەو ئافرەتیش زیانهێنەرو ئەهریمەن. ئەمە لەسەرێکەوە لەولاشەوە ئەوەتا لەگەڵ هەر سپێدەیەکی پڕ بەرائەتی جواندا، کە ڕۆژنامەیەکی کوردی دێتەبەردەست، لە لاپەڕەی دواوە، وێنەی ئافرتێك یان چەند ئافرەتێك، بەو رووژێنەرترین ئیغرای جەستەو رووخسارەوە، بۆ تێرکردنی چاوو خۆشکردنی دڵی پیاو، بەجوانترین شێوە بڵاودەکرێتەوە. . !! بۆچوونی مەنتقی ئالێرەدا ئەوەیە هەر تەنیا ئەوە پیاوە، کە لەگەڵ هەموو بەیانییەکی پاکدا، دەبی چاوو دڵ تێر بکری، بۆ مەگەر ئافرەت چاوو دڵی نییەو ڕۆژنامە نابینی. . !؟ لێرە تەنیا مەسەلەکە ئەوەیە، کە پیاو لەپشت ئەوانەوەیەو چەسپاوە، پێی وایە هەر پیاو دەبی چێژ لەئافرەت و ژیان وەربگری و ئافرەتیش پەیکەرێکی بی هەست و سۆزو دۆمیای دەستی پیاوان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.